# تورِەبوونەکەی پارتی و یەکێتی لە یەکگرتوو بوو یان لە حیزبی تازە؟

**کەمال رِەئوف**

ماوەیەکە دەنگۆیٚ ئەوەهەیە کە ئەرشد زێباری کۆنە وەزیری دەسەلأتی پێشووی حکومەتی بەعس لەگەلٚ هەندێك لەکۆنەجاش و سەرەك هۆزو کۆنەمستەشارەکاندا, بەهاوکاری هەندێك لایەنی عێراقیو بەپشتیوانی چەند ولأتێکی ئەقلیمی سەرگەرمی ئەوەیە کە حیزبێکی کوردی تازە دابمەزرێنێت , حیزبێك کەهەر لەسەرەتاوە دیارە بەچ نەفەسێکی شەرەنگێزی دادەمەزرێت و رِاشکاوانە ئەوە رِادەگەیەنێت کەلەگەلٚ گوتاری سیاسی و داخوازییەکانی ئێستای کوردو حیزبەگەورەکانی کوردستان واتە پارتی و یەکێتی دا نییەو دەیەوێت دەسەلأت لەدەست ئەواندا دەربهێنیٚ, بەجۆرێکی تر زێباری دەیەوێت حیزبێکی کوردی میانە رەوی وا دابمەزرێنێت کە یەکپارچەی خاکی عێراق و برایەتی کوردو عەرەب لەسەر حسابی خەلٚکی کورد بپارێزێت و نەی هێلٚێت ئەو معادەلەیە تێکبچێت کە لەبیستەکاندا حکومەتی عێراقی لەسەر پێکهێنراوە.

زێباری کەدەبوو لەدوای رِاپەرِینەوە لەسەر هەلٚسوکەوتی سالأنی رِابردووی و جاشایەتی و کلکایەتی بۆ حکومەتی بەعس لەبەردەم دادگادا رِاگیرایەو وەك یەکێك لەتاوانباران لێپرسینەوەی لەگەلٚدا بکرایە ,کەچی نەك هەر ئەوەی لەگەلٚ نەکراوە بەلٚکە ئێستاش دەیەوێت بەفرسەتهێنان لەپەرێزپیسی وکەموکورتیەکانی حکومەتی کوردی و لەسەروشیانەوە کەموکورتیەکان و بیرِۆکراتیەتی پارتی و یەکێتی, پارتێکی دەستنێژی دەرەکی دروستبکات و بەنەفەسێکی بەعسیانەوەو بە بەرنامەیەکی کۆپیکراوەی بەعسی کوردییەوە بێتەوە مەیدانی جاشایەتی و کلکایەتی کردن و بەناوی حیزبایەتیەوە هەولٚی ئەوەبدات ببێتە دەمرِاستی کوردو ببێتە شەریکە بەشی ئەو دەستکەوتانەی کە بەرهەمی رِاپەرین و خەباتی چەند سالٚەی پێشمەرگەو خەلٚکی زەحمەتکێشی کوردستانە , من گومانم لەوە نییە کە ئەگەر ئەرشەد بەری بۆبەرەلأبکرێت لەماوەیەکی زۆرکورت و کەمدا بەدەست لەپشتدانی دەرەکی وکۆمەکی بەعسیەکانی ناوەوە دەبێتە خاوەن حیزبێکی تارِادەیەك بەرچاو بەهێزو لە هەلٚبژاردنەکانی ئایندەشدا رِەنگە بەشێك لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستانیشی بەرکەوێت, چونکە پارتی و یەکێتی بەدرێژایی چەند سالٚی دەسەلأتدارێتی خۆیان خاوەن ئەوەندە کەموکورِین کە گومان لەوە دەکرێت تاسەر ئەوەیان ئاوابۆ بچێتە سەرو بتوانن خەلٚك لەبەرانبەر ئەو دەریا کێشەو کەموکورِیانەدا لەبەردەم جێبەجیٚ نەکردنی داخوازیوکانیاندا بێدەنگ بکەن, لەلایەکی تریشەوە ئەوان لەکوردستان هەمیشە ئاویان کردۆتە ژێر درەختی عەشیرەت بازی ودیوەخان رِازاندنەوە بەمەش هەلومەرجێکیان هێناوەتە ئاراوە کە مسافەیەك نەمێنێتەوە لەنێوان حیزب و عەشیرەتدا, بەپێچەوانەشەوە پشت گوێی خستن و بەپەراوێزخستنی خەلٚك تادوا هەناسە داچووەتە خواریٚ و نێوانێکی گەورەو قەلٚشتێکی گەورەیان لەنێوان خۆیان ومتمانەی خەلٚکدا دروست کردوەو مودێلێکی سەیرو سەمەرە لە جەماوەری حیزبی لەسەر ئیمتیاز پێدان و موچەخۆری لەدەوری خۆیان رِاگرتووە, جەماوەرێك کە ئەمرِۆ لەدەوری حیزبەکان دەبینریٚ تەنها کار و ئەرکێك کەبەوان دەسپێریٚ ئەوەیە کە هەر چەند سالٚێك جارێك لەهەلٚبژاردنەکاندا دەنگ بەوان بدەن و دواتر وەك کائینێکی بیٚ زمان و داخوازی لەمالٚی خویان دانیشن, دروستکردنی ئەم مۆدێلە لەجەماوەری حیزبی جگەلەوەی کە پرزەی شۆرِشگێرِێتی لەبەر خەلٚك برِیووە و خەلٚکی لەنێوان ژیانی بێدەنگی و بەپەراوێزبوون و ئیمتیازپێدانی حیزبدا تاساندوە لەهەمانکاتیشدا بووتە مایەی سەرهەلٚدانی نەوەو توێژێکی نوێی لاموبالات و موشەخۆرِو بیٚ ئاگا بەدنیای سیاسەت ولەبەر چاونەگرتنی بەرژەوەندی گشتی. هەر بۆیە دەلٚێم ئەگەر کەرەستە و تەکلیفی حیزب پێکهێنان و ئەندامگیری وەك ئەوەی کە ئێستا لەکوردستان باوە, پارەو نفوس و پەیوەندی دەرەکی و عەشیرەت و ئیمتازدان بێت , ئەوا کاکی زێباری بەدلٚنیاییەوە کەمی نییە لەو کەرەستانەو بەدژایەتی کردنی گوتاری سیاسی ئێستای کوردی ومەسەلەی فیدرالی و کەرکوکیش دەتوانێت ئەوەندەی تر پارەو کۆمەك و پشتیوانی دەرەکی کۆبکاتەوە و رِۆحیش بکاتەوە بەبەر سەرەك جاش و کۆنە مستەشارەکانی

ئەوسادا و لە پەراوێزوپاشخانی شتەناشرینەکانی پارتی و یەکێتیشدا بوارێك بدۆزێتەوە تا گەمەی سیاسی خۆی بکات.

ئەوەی کە لەم نوسینەمدا مەبەستمە ئاماژەی بۆ بکەم و وەك پرسیارێك فرێیدەمە پێش چاوی خوێنەرەوە ئەوەیە ,کە ئاخۆ توورەبوون و هەرەشەکانی ئەم جارەی مام جەلال وەك یەکێتی و کاك مەسعودیش وەك پارتی لە یەکگرتووی ئیسلامی لەو سۆنگەیەوە بوو کە گوایە یەکگرتوو دەستی لەگەڵ کۆنەجاش و کۆنەبەعسیەکان تێکەڵ کردوە و وەك ئەوەی لەڕاگەیاندنەکەیاندا باس کرا کە گوایە بەنیازبوون لە میسر بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ ئەوانەدا پێکبهێنن ؟ ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەمان بە ئەرێ وەرگرتەوە ئەوکاتە ئەو پرسیارە خۆی قوتدەکاتەوە ئەگەر وایە ئەی بۆچی ئەوان تا ئێستا دژی کۆنە بەعسی و جاشەکانی ناو ڕیزەکانی خۆیان نەبوون و سیاسەتێکی ڕاشکاوانەیان لەوبارەوە نەبووە؟ بەجۆرێکی تر خۆئەگەر وابێت دەبوو پێش هەر شتێك سەرکردایەتی هەردوو لا ناو ڕیزی حیزبەکانی خۆیان لەوانە پاك بکردایەتەوە و بەرپرسیارێتی و ئیمتیازیان لەوانە بسەندایەتەوە کە خاوەن ڕابردویەکی هاوشێوەی ئەرشەد زێبارین و خۆش نێونیین لەنێو خەڵکی کوردستاندا! من پێم وایە بۆ وەڵامی پرسیارەکە دەبێت سەەتا لەوە تێبگەین کەبۆچی پارتی و یەکێتی هێندە نیگەرانن لە دروستبوونی حیزبەکەی ئەرشەد؟ چنکە ئەوان باش دەزانن کە ئەو حیزبە نە پرس بەوان دەکات و نە وەك حیزبەکانی تری کوردستان بە ئیمکانات و موچەی ئەوان دەچێت بەڕێوە, ئەوان لەهەموو کەس باشتر ئەوەدەزانن کە ئەرشەد بۆ دروستکردنی حیزبەکەی کەرەستەی ئامادەیە و دەیەوێت بەقوەتێکی ئەقلیمی بە ئیمکاناتێکی زۆرو بە ماتریالی عەشیرەتەکەیەوە بێتە پای ئەم کارەی, ئەم سینارۆیەش لەیەکچونێکی زۆری تیایە لەوەی کە کاتی خۆی بەکۆمەکی مخابەراتی پاکستانی و ئەمریکی تاڵیبانیان لەخاکی پاکستاندا دروست کردو لەسنور بە پشتیوانی لۆجستیکی و ئەفسەرانی پاکستانی پەرانیانەوە و بەریان دایە گیانی خەڵکی ئەفغانستان و هێزە بەشەرهاتوەکانی ئەوکاتەی ئەفغانستان, ئەزمونی دروستکردنی حەماسی فەلەستینیش لەپەراوێزی پاشاگەردانی فەتحدا وبوونی ناکۆکی یاسر عەرەفات و ئەسەد بەس بوو بۆ ئەوەی کە مخابەراتی سوری وەك کارێکی ئاسان دەست بۆ ئەوکارە ڕاکێشێت و حیزبێکی تازە دروست بکات. هەربۆیە من گرفتی کێشەکە لەوەدا نابینمەوە کە گوایە یەکگرتوو لەگەڵ کۆنە بەعسی و کۆنە جاشەکاندا کۆبوونەتەوەو بەنیازبوون بەرەیەك دروست بکەن, بەڵکە گرفتەکە لەوێدایە کە هەوڵێکی دەرەکی هەیە بۆ ڕاکێشانی بەرەی ژێر پێی پارتی و یەکێتی جامەرج نییە ئەم هەوڵە سەرەتا بەو ئامانجەی خۆی بگات, بەلاّم بەدڵنیاییەوە ئەمە هەوڵە بە پرۆسەیەکدا تێدەپەرێت کە لەئاکامدا مەترسی گەورەی لەسەر بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کورد دادەنێت و لەئێستاشدا کارکردی دەبێت و وەك هەرەش و فشارێك بەکاردەبرێت لەسەر سەرکردایەتی کوردی تاکو لەمەرکەز بە کەمترین داخوازی ڕازیان بکەن. بەجۆرێکی تریش هەوڵی دروستکردنی حیزبێکی لەوجۆرە بەدەستلەپشدانی مخابەراتی ئەقلیمی لەئێستادا هەوڵێکە بۆ گۆرینی موعادەلەکان بەزیانی بەرژەوەندی گشتی کوردی و زەنگێکی ترسناکیشە بۆ بەرە لەژێرپێ دەرهێنانی پارتی و یەکێتی, هەربۆیە باشتر وایە ئەو دوهێزە کە ئێستا بەرپرسیارێتی چارەنووسی خەڵکی کوردستانیان لە ئەستۆی خۆگرتووە, تاکار لەکار نەترازاوە, بەکارنامەی خۆیانادا بچنەوەو بگەرێنەوە بۆلای خەڵك, چونکە بەرگرتن بەرکارێکی ترسناکی لەوجۆرە نەبەهەرەشەو چاوسورکردنەوە بەری پێدەگیرێ, نە بەو نەفەس وسیاسەتەی کەئێستا گرتویانەتە بەر, بۆیە باشتر وایە کە سەرکردایەتی ئەودووحیزبە چیترلەوە زیاتر مماتەڵە نەکەن و مجازەفە بەچارەنووسی خەڵکەوە نەکەن ولەهەوڵی ئەوەدابن کە ریفۆرم و چاکسازی قبوڵبکەن و وەڵامی داخوازیەکانی خەڵك بدەنەوە تامتمانەی خەڵك بەدەست بهێننەوە و لەوێشەوە بگەرێنەوە سەنگەری خەڵك و پێشمەرگە.